# شاری کەرکوک لە ساڵانی ژێرسپاردەیی(ئینتداب) ئینگلیزەکاندا

**زانا عوسمان محمد[1] - ڕەنجدەر محمد عزیز[2]**

[1] بەشـــی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی زمان، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێرق.

[2] بەشـــی مێژو، کۆلێژی زانســـتە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردســـتـان، عێرق.

**پوختە:**

لەدوا ســـــاڵەکـانی جەنگی جیهـانیی یەکەمـدا (١٩١٤– ١٩١٨)، ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوســـمـانی ڕوبەڕوی قۆنـاغێکی نوێی گۆڕانکـاری سـیاســی و ســەربازی و کارگێڕی بونەوە ، شــاری کەرکوکیش وەک یەکێک لە نـاوچەکانی بـاشـــوری کوردسـتانی سـەر بە ویلایەتی موسـڵ بەدەرنەبو لەو ڕوداو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی میســـۆپۆتامیا لەلایەن بەریتانییەکان و شـــکســـتی هێزەکانی تورکە عوسمانییەکانەوە هاتەدی.

ئـامــانجی لەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەیــە لە مێژوی شـاری کەرکوک لە ســەردەمی فەرمانڕەوایی ژێرســـپـاردەیی (ئینتـداب)ی بەریتـانییەکـانـدا. لەم توێژینەوەدا ئەو ڕاســـتییە دەرکەوتوە کە هــاتنی ئینگلیزەکان بەرەو ناوچەکانی باشوری کوردستان و بە تایبەتیش شـــاری کەرکوک پێشـــینەیەکی مێژویی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە پێش داگیرکردنی کەرکوک لەلایەن ئینگلیزەکـانەوە لە ســـــاڵی ١٩١٨. بێگومان ئامادەیی هەژمونی سـیاســی و دیپلۆماســی ئینگلیزەکان لەم ناوچەیەدا پەیوەندی هەبوە بە پێگەی سـتراتیجی و ئابوری ویلایەتی موسـڵ و بەتایبەتیش دەوڵەمەنـدی نـاوچە کوردییەکـانی نێو ویلایەتەکە بە سـامانی سـروشـتی، کە هەردەم مایەی چاوتێبڕینی هێزە گەورەکـان بوە. هەروەهـا توێژینەوەکە بەو ڕاسـتییە گەیشـتوە کە دانیشـتوانی شـاری کەرکوک، وەک بەشـێک لە خاکی کوردســـتان، لەدوای نەمانی دەســـەڵاتی ســـتەمکارانەی تورکە عوســـمانییەکان و هـاتنی دەســـــەڵاتی ئینگلیزەکـان، وەکو گەلانی تری ناتورکی ژێر دەسـتی عوسـمانی هەلێکی مێژوییان بۆ ڕەخسا بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوایەتیان و داواکردنی مافی ســـیاســـی بڕیاردان لە چارەنوســـیان لەژێر چاودێری و پاراستنی ئینگلیزدا.

ئـیـنـگـلـیـزکـان دوای ئەوەی هەڵـوێســـتـی نەتەوەییانەی دانیشـــتوانی شـــاری کەرکوکیان بۆ ڕونبویەوە، بە هەمو شـــێوەیەک هەوڵی دابڕینی نـاوچەکەیـان لە خـاکی کوردســـتـان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیی داوە. دانیشـــتوانی کەرکوک بە شـێوەیەکی گشـتی پشـتگیری بزوتنەوەکەی شـێخ مەحمودیان کردوە و بە سەرکردەی خۆیانیان داناوە، هەر لەم ڕوەشـــەوە هـاوکـاریی تەواویـان کردوە، ئەمەش ئـامـاژەیە بە ئـاســـتی بەرزی هوشـــیـاری نەتەوەیی کوردانی شـــــاری کەرکوک لە قۆنـاغە مێژوییەدا.

لە پرســـی یەکلاییکردنەوەی کێشـــەی ویلایەتی موســـڵ دا، وا دەردەکەوێت کە وێڕای ئەوەی چەند



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

دەنگێک هەبو داوای سەربەخۆیی دەکرد بەڵام دانیشتوانی شاری کەرکوک بە شێوەیەکی گشتی لە بەر فاکتەری ئابوری خوازیاری یەکگرتن بون لەگەڵ عێراق. هەروەها دانیشتوانی کەرکوک لە پرۆسەی ڕاپرسی بۆ دانانی فەیسەڵ بە (شا)ی عێراق دژی دانانی ناوبراو دەنگیاندا.

**کلیلە وشەکان:** کەرکوک، ژێرسپاردە، ئینگلیز، کورد.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6
**Received:** 17-June-2022
**Accepted:** 27-July-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
zana.othman@charmouniversity.org
ranjdar.azeez@uoh.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە مێژوی شاریی کەرکوکی لەسەردەمی ژێرسپاردەیی ئینگلیزەکاندا لەخۆگرتوە، دوابەدوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئابی ١٩١٤ دا و بەشداربونی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا لەپاڵ ئەڵمانیادا، بڕیاری داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەرچو، دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە باشورەوە هاتنە نێو عێراق لەتشرینی دوەمی ١٩١٨ شاری کەرکوک کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان و (لونگریک)یان بە حاکمی سیاسی شاری کەرکوک دامەزراند، پاشان لە نیسانی ١٩٢٠ لە کۆنگرەی (سانریمۆن) لە پاریس بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان عێراق خرایە ژێرسپاردەیی ئینگلیزەکان تاکو ساڵی ١٩٣٢ کە عێراق بو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و بەوەش ماوەی حوکمی ژێر سپاردەی کۆتای هات.

گرنگی توێژینەوەکە: باس لە قۆناغێکی گرنگی مێژوی هاوچەرخی عیراق و کەرکوک دەکات، ئەویش مێژوی قۆناغی ئینتداب ١٩٢٠-١٩٣٢ کە کاریگەری بەرچاوی لە نەشخاندنی مێژوی شارەکە لەو کاتەداو دواتریش بە جێهێشت.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خستنەڕوی بارودۆخی شاری کەرکوکە لەسەدەمی ژێرسپاردەیی ئینگلیزەکاندا، هەروەها ئەو ڕوداوانەی کەلەم قۆناغەی مێژوی شارەکەدا ڕویداوە، لەو سیاسەتەی کە ئینگلیزەکان بەرامبەر دانیشتوانەکەی گرتویانەتەبەر، هاوکات خستنەڕوی هەڵوێستی دانیشتوانی شاری کەرکوە بەرامبەر ڕوداوەکانی ئەو قۆناغە مێژوییە ١٩٢٠-١٩٣٢.

سنوری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی ڕوداوە سیاسیەکانی سەردەمێکی مێژوی دیاریکراوی وەرگرتوە کە سالآنی سەردەمی ژێرسپاردەیی ئینگلیزەکانە لە شاری کەرکوک.

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی مێژوی وەسفییە لە کۆکردنەوەی سەچاوەکانداو و گواستنەوەی زانیاریەکان و بەراوردکردن و شیکردنەوەیان، هاوکات خستنەڕوی توێژەران لەسەر بابەتەکان.

ئەم توێژینەوەیە جگەلە پوختەو پێشەکی، چوار تەوەری لەخۆگرتوە ئەوانیش: یەکەم: هاتنی ئینگلیز بۆ کەرکوک، دوەم: کەرکوک و بزوتنەوە ی شێخ مەحمود، سێیەم: سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئینگلیزەکان لە کەرکوک، چوارەم: هەڵوێستی دانیشوانی کەرکوک لە دانانی شا فەیسەڵ و کێشەی ویلایەتی موسڵ. لەگەڵ خستنەڕو دەرئەنجامەکان.

## تەوەری یەکەم: هاتنی ئینگلیز بۆ کەرکوک:

هاتنی ئینگلیز بەرەو باشوری کوردستان و شاری کەرکوک پێشینەیەکی مێژوی کۆنی هەیە، بەرلەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بداتە پاڵ ئەڵمانیا و لایەنگرانی دژی وڵاتە هاوپەیمانەکان بەماوەیەک ئینگلیزەکان خۆیان بۆ داگیرکردنی میسۆپۆتامیا ئامادەکردبو، کە سێ سەد ساڵ دەبو چاویان بڕیبوە سامانی سروشتی و شوێنی هەڵکەوتوی ئەو وڵاتە لەناوەندی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا (احمد، ٢٠٠١: ل١٣)، بەردەوام ئینگلیزەکان لە هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتیاندا بون لە ناوچەکانی کەنداودا، و چاودێری وردی ئەم هەرێمەیان دەکرد و لە هەلێک دەگەڕان زیاتر شوێنپێی خۆیان بەدرێژای کەنارەکانی کەنداو قایم بکەن، تەنانەت لە سەرەتای دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی سەفەویدا بەریتانیا هەوڵیدەدا بەهاوکاری شا شوێن بە پرتوگالییەکان لەق بکات و خۆیان بچنە شوێنیان(الحاج، ١٩٨٥: ص٥٣).

هەر بۆیە دەسەڵاتی ئینگلیز لەناوچەکەدا تا دەهات پتر دەبو، لە کۆتایی ساڵی (١٦٠٠ ز) بەریتانیا (کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات) (**احمد**، ١٩٨٤: ٣٣)ی پێکهێنا، بۆ جاری یەکەم لە ساڵەکانی (١٦٣٤-١٦٣٩ ز) ئینگلیزەکان هاتنە ویلایەتی بەسرە، و زانیاریان دەربارەی هەرسێ ویلایەتەکەی دەوڵەتی عوسمانی (بەسرە – بەغداد –شارەزور) پەیداکرد(حلمی، ١٩٨٨: ل١٥٨).

لەپاش ئەوەی ئەم کۆمپانیایە بو بە دامەزراوەیەکی حکومی کەوتە هەوڵدان بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچەکە لەڕوی سیاسیەوە، سێ ویلایەتەکەی دەوڵەتی عوسمانیش بو بە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کۆمپانیایە (شوانی، ٢٠٠٢:ل٧٧)، لەدوای فراوان بونی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات و پەرەسەندنی چالاکی بازرگانی بەریتانیا، کۆمپانیاکە بوە گەورەترین و چالاکترین مەکۆی سیخوری و هەواڵگری، بەشێکی زۆری کردەی بازرگانی ئەم کۆمپانیایە لەڕاستیدا ڕوپۆشێک بو بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچەکە(احمد، ١٩٨٤: ص٣٣).

لە نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەهەمەوە، پیاوانی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات هەر جارەی بەناوێکەوە لە ناوچە کوردییەکاندا دەگەڕان، لەساڵی ١٧٥٨ دکتۆرێکی کۆمپانیاکە بەڕێگای کەرکوکدا تا ناوچەکانی ماردین چو، دوابەدوای ئەویش چەند فەرمانبەرێکی دیکەی ئەم کۆمپانیایە هاتن بۆ کوردستان لەوانە (د.کامپیل وت، هارول) پاشان لەساڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

١٨٢٠ز کلودیوس جیسس ڕیچ هاتە کوردستان و ماوەی چوار مانگ لە ناوچەکە مایەوە، پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە کوردە ناسراوەکاندا بەست، لەساڵی (١٨٣٠) مینیان و پاشان لە ساڵی (١٨٣٤)دا جیمیس فرایزەر سەردانی ناوچەی کوردستانیان کردوە(احمد، ١٩٨٤: ص٣٤).

لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ئینگلیزەکان لە ناوچەکەدا سیاسەتی خۆنزیککردنەوە و پەیوەندیکردن لەگەڵ گەلانی ناتورکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیان پەیڕەو دەکرد، هەر لەم چوارچێوەیەدا گرنگیان دابو بەگەلی کوردیش وەکو گەلێکی ناتورک، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتەواوی بایەخی ناوچەکە بۆ ئینگلیزەکان دەرکەوت ئەمەش بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان لەلایەک و پێگەی ستراتیژی باشوری کوردستان وەکو لە لایەکیترەوە لە میسۆپۆتامیادا، چونکە دەیانتوانی (میسۆپۆتامیا وەک بنکەیەک بەکاربهێنن کە لەوێوە دەسەڵاتی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دور لەهەمانکاتیشدا پارێزگاری لە بەرژەوەندییە لە مێژینە سیاسی و بازرگانی و نەوتییەکانیان بکەن، هەر لەبەرئەمەشە سیر پیرسی کۆکس، یەکێک لە لێپرسراوە باڵاکانی بەریتانیا بەئاشکرا لەبەردەم ئەندامانی کۆمەڵەی مەلەکی ئاسیاییدا ئاماژە بەویستی بەریتانیا بۆ گرنگیدان با ناوچەکە دەکات و دەڵێت: لەوکاتانەدا کە تا دەهات بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا زیادیکردو و گرنگتر دەبو، بە ئەندازەیەک هەنگاوێکی هەرە لەپێشی سیاسەتی ئێمە ئەوەبو کە بوار بەهیچ هێزێکی ئەوروپی نەدەین، شوێنپێیەک لەسەر دەروازەی کەنداو بۆ خۆی داگیربکات(شوانی، ٢٠٠٢: ل٧٨).

هەر لەبەر ئەم هۆیانە بەریتانیا بەر لە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتبوە خۆئامادەکردن و پلاندانان بۆ داگیرکردنی تەواوی میزۆپۆتامیا بە ناوچە کوردییەکانی باکوری وڵاتیشەوە لە ویلاتی موسڵ، ئەم ڕاستیەش لەو بۆچونەی لۆرد کیرزۆن، یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی پارێزگارانی بەریتانیاوە، بەڕونی دەردەکەوێت کاتێک کە لەساڵی ١٩١١دا لەبەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیاندا دەڵێت: «هەڵەیەکی گەورەیە گەر وا بزانرێت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تەنها لە ناوچەی کەنداودا قەتیس دەبێت، یا لەنێوان بەغدا و بەسرەدا کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر لەوە دورتر تێپەڕدەکات» (الحاج، ١٩٨٥: ص٥٤).

هەر بۆیە بەریتانیا دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە باشترین هەل زانی بۆ داگیرکردنی میزۆپۆتامیا، کاتێک لە ڕۆژی (٥)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤دا، لەندەن جەنگی ڕاگەیاند دژی دەوڵەتی عوسمانی، یەک ڕۆژ بەسەر ئەم ڕاگەیاندنەدا تێپەڕی و هێزەکانی بەریتانیا لە باشوری عێراق و لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤دا شارۆچکەی فاوی گرت (لونگریک، ١٩٨٨: ص١٦٣)، بەڵام هێزەکانی بەریتانیا نەگەشتنە ناوچە کوردییەکان تاکو ساڵانی کۆتایی جەنگەکە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە کوردی ناوچەی کەرکوک و سلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە ژێر کاریگەری فتوای ئاینی (جیهاد) و روبەڕوبونەوەی کافران لەساڵی ١٩١٥ لەگەڵ عەرەبەکاندا لە (شوعەیبیە) دژی سوپای ئینگلیز جەنگاون، بەڵام لەدوا ساڵەکانی جەنگدا و بەرلەوەی ئینگلیزەکان بگەنە ناوچە کوردییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەبو لە نێوان بەریتانییەکان و سەرکردەکانی کورد دا، دوای داگیرکردنی بەغدا لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

١٩١٧/٣/١١دا بۆ یەکەمجار بەریتانییەکان پەیوەندیان کرد بە کەسایەتی وسەرکردەکانی کوردەوە لە سلێمانی و کەرکوک (صابر، ٢٠٠١ : ص٥٣)، ئەم پەیوەندییە سەرەتا لە ڕێگەی مێجەرسۆنەوە بوە بەتایبەت پاش کەوتنی شاری کفری و خانەقین، لەوانە سەرکردەی تاڵەبانییەکان، دواتر لە پاش پشەکشێی سەربازو فەرمانبەرانی عوسمانییەکان لە سلێمانی مێجو نۆئیلەوە سەردانی شێخ محمودی کردو پەیوەندی لەگەڵ بەست(احمد،١٩٨٤، ص١٨٥).

وێڕای ئەوەی لە دۆکیۆمێنتێکی نهێنی، کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەساڵی ١٩١٦دا کە بە ئیمزای ئارسەر هرتزل، یەکێک لە لێپرسراوانی باڵای بەریتانی سەر بە نوسینگەی هندستان، ئاراستەی سوپاسالاری لەشکری بەریتانیای کردوە لە میسۆپۆتامیا تیایدا هاتوە: نزیکی ئەو ناوچانە نەبێتەوە کە کوردی لێیە، لە هەمان نوسراودا جارێکی تر بیری دێنێتەوە نزیکی زنجیرەچیای حەمرین نەبێتەوە ئەگەر لە حاڵەتێکی ناچاریدا نەبێت و بە هیچ شێوەیەک تێپەڕی نەکات، بەڵام لەپاشدا ئینگلیزەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی و دەستیان کرد بە پێشڕەویکردن بەرەو ناوچە کوردییەکان(تاڵەبانی، ٢٠٠٣: ل٩)، و پەیوەندیان کرد بەسەرکردەکانی کوردەوە لەناو ئەمانەشدا سەرکردەی تاڵەبانیەکان. ئەم پەیوەندیە لەپاش داگیرکردنی کفری لە ئایاری ١٩١٨ لەلایەن بەریتانییەکانەوە پەرەپێدرا، بەتایبەتی لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد لە کەرکوک و دەوروبەری لەوانە (شێخ حەمید تاڵەبانی و کوڕەکەی شێخ وەهاب تاڵەبانی) (احمد، ٢٠٠٤: ص٩٦).

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە دانیشتوانی ناوچەکە هەر لەسەرەتاوە بڕیاری خۆیان یەکلایکردۆتەوە بۆ پەیوەندیکردن بەهێزەکانی بەڕیتانیاوە بەر لەگەشتنیان بۆ ناوچەکە، ئینگلیزیش ئەو ڕۆژگارە هێندەی بۆی کرابێت هەوڵی داوە سود لە کردەوە و ڕەفتارە ستەمکارییەکانی عوسمانییەکان وەربگرێت بۆ هاندانی گەلانی ناتورک لەدژیان ، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا چەند جار ئەوەیان بە کورد ڕاگەیاند بو کە (نایانەوێ دەسەڵاتێک بەسەریاندا بسەپێنن لە بەڕێوەبردنیاندا دژی دابونەریت و ئارەزوەکانیان بێت) (احمد، ٢٠٠٤: ص٩٧)، و کاتێک سەرکردەکانی کورد پەیوەندیان بە بەریتانییەکانەوە کردبو بە سەرکردەی هۆزەکانی کەرکوک و دەوروبەریشیەوە جەختیان لەسەر مافە نەتەوەییەکانیان کردبوەوە، هەر بۆیە دەردەکەوێت کە باسکردنی سەربەخۆی و ئازادی لە هەمو دەستەواژەیەک زیاتر دوبارەکراوەتەوە و کاریگەری لەسەر نەتەوە ناتورکەکان کردوە بە کوردیشەوە، لوید جۆرج سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێمە دەمانزانی باسی ئازادی وەک یەکێ لەمەبەستەکانمان یارمەتیمان دەدات بۆ تێکدانی شیرازەی یەکێتی وڵاتە ناحەزەکانمان لەوەشدا بەهەڵە نەچوین(احمد، ١٩٧٨: ل١٠٠).

سوپای بەریتانیا لەگەڵ داگیرکردنی بەغدا بۆ زیاتر خۆنزیک کردنەوە لەکورد و لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە پڕوپاگەندە فراوانەی کە لەسالانی جەنگی جیهانی دا دەستیدا بۆیە، لە یەکەم تەقەلایاندا، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ بەماوەیەک پێش داگیرکردنی کەرکوک ڕۆژنامەیەکیان لە بەغدا بەناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرکرد، کە مەبەستیان بو کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و لە عوسمانییەکانیان دوربخەنەوە (احمد، ١٩٧٨: ل١١٧)، هەروەک لازاریف دەڵێت: ئینگلیزەکان لەسالانی ١٩١٧ – ١٩١٨ توانیان لەڕێگەی پڕوپاگەندەوە دانیشتوانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

لایەنگری خۆیان ڕابكێشن، لە هەمان كاتدا دژی هێزەكانی تورك هانیان بدەن، و لەم كارەیاندا سەركەوتوبون (لازاریف، ٢٠٠١: ص٥٠٦).

تێگەیشتنی ڕاستی بانگەوازی ئاڕاستەی سەرۆكەكانی كورد لە كەركوك و سلێمانی و دەوروبەری دەكرد زیاتر لە ناوچەكانی تر، ئەمەش هانی عەشائیرە كوردییەكانیدا لە كەركوك كە بزوتنەوەیەكی فراوان بەرپابكەن لەپێناوی ڕزگاركردنی ناوچە كوردییەكان لە دەسەلآتی عوسمانییە دواكەوتوەكان، و لە هەمان كاتدا تێگەیشتنی ڕاستی گرنگی تایبەتی دەدا بە هەواڵی جەنگەكان لە كفری و داقوق و خورماتو لەگەڵ كەركوك و ژمارەیەكی زۆر لەم ڕۆژنامەیە دەهات بۆ ناوچە كوردییەكان(احمد، ٢٠٠٤: ص٩٩).

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد بەریتانیا بەرژەوەندییەكانی تەنها بە داگیركردنی بەغدا نەدەهاتەدی، بۆیە لەپاش داگیركردنی بەغدا سوپای بەریتانیا ڕوی كردە كوردستان و پێشەنگی ئەم سوپایە گەیشتە (جەلەولا) و سەربازگەیەكیان تێدا دامەزراند، و لەم سەرو بەندەدا بەریتانییەكان بەیاننامەیەكیان بڵاوكردەوە و ئەوەیان دوپاتكردەوە كە حكومەتی بەریتانیا هەوڵی داگیركردنی ئەم وڵاتە نادات، بەڵكو دەیەوێت ڕزگاری بكات لە زوڵم و زۆری عوسمانییەكان(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل١٧). بەم شێوەیە خەڵكیان دڵنیاكردەوە كە دەستبەرداری بەرگری و چەكەكانیان بن.

هێزەكانی بەریتانیا پێشڕەویان كرد بەرەو كەركوك و بۆ یەكەمجار لەڕۆژی ٧ی مایسی ساڵی ١٩١٨ ئەم شارەیان بەبێ بەرگرییەكی ئەوتۆ كە شایەنی باسكردن بێت داگیركرد لە ئەنجامی كشانەوەی پێشوەختی هێزەكانی عوسمانی (ڕۆژبەیانی، ٢١١٨)، ئەمەش ڕوداوێكی گرنگ بو بەلای بەریتانییەكانەوە و جێگری حاكمی مدنی و یاوەری سوپای بەریتانی (ئارنۆڵدوڵسن)، لە ڕێگەی ئاسمانییەوە ڕاستەوخۆ دوای كۆنترۆڵكردنی شارەكە هاتە كەركوك (احمد، ٢٠٠٤: ص١١٧).

لەپاش ئەم سەركەوتنەی هێزەكانی بەریتانیا، دانیشتوانی شارەكە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لە هێزەكان دەكرد، و هیوایان لەسەر ئەو بەڵێنانە هەڵچنی كە ئینگلیزەكان بۆ یارمەتیدانیان ڕایەنگەیاندبو (حمدی، ١٩٩٧: ل ٩)، هەر لەم كاتەدا شێخ مەحمود خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر دورخستنەوەی عوسمانییەكان لەم شارە و سەركەوتنی بەریتانییەكان، لەم ڕوەوە نامەیەكی ڕەوانەی وڵسن كرد و ئەوەی پێڕاگەیاند (دانیشتوانی كوردستان بەم هەواڵە دڵخۆشبون) (حلمی، ١٩٨٨: ل٥١)، شێخ مەحمود ئەم نەمایەی ناردبو بۆ (عەبدوڵا سافی یەعقوبی) لە كەركوك تاكو بیگەیەنێتە جەنەڕاڵ ولیام مارشاڵ فەرماندەی هێزەكانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا (شوانی، ٢٠٠٢: ل ٨٧).

بەڵام بەهۆی بارودۆخێكی ستراتیژی و تەمومژاوی هێزەكانیان بەریتانییەكان ناچاربون لە كەركوك بكشێنەوە لە ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ١٩١٧(احمد، ٢٠٠٤: ص١٠٢) ، دوبارە توركەكان گەڕانەوە بۆ شارەكە، ئەمەش كارێكی خراپی كردە سەر ئەو كوردانەی كە هاوكاری سوپای بەریتانیایان كردبو، ژمارەیەكی زۆریان وازیان لە هاوكاری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

بەریتانییەکان هێنا، تورکەکان تۆڵەیان لەو لایەنە کوردیانە کردەوە کە یارمەتی و هاوکاری هێزەکانی ئینگلیزیان کردبو(حمدی، ١٩٩٧: ل٩)، نامەکەی شێخ مەحمود کە بەدەستی عەبدوڵا سافی دا ڕەوانەی کردبو ناگاتە دەستی ئینگلیزەکان و عەبدوڵا سافی نامەکە دەداتە دەستی تورکەکان، تاکو لایەنگری و سۆز و پشتیوانی خۆی بۆ عوسمانییەکان دەربڕێت(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل١١٧)، دواتر تورکەکان مەفرەزەیەک دەنێرنە سلێمانی و شێخ مەحمود دەگرن و ڕەوانەی کەرکوکی دەکەن.

پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا لە شاری کەرکوک کاردانەوەیەکی خراپی هەبو بۆ سەر ناوبانگی هێزەکەیان، لەپێش چاوی خەڵک شان و شکۆی جارانیان نەما، تەنانەت هەمەوەندەکان کە نامەی هاوکاری کردنیان بۆ ئینگلیزەکان ڕەوانەکردبو، لێیان هەڵگەڕانەوە و کەوتنە دژایەتی کردنیان(حلمی، ١٩٨٨: ل٥٥). بەریتانیا لەم کاتەدا هەوڵیدا کەوا هێزێک لە کوردەکان دروست بکەن بەناوی (لیڤی) (عارف، ٢٠٠٣: ل٧٤) بۆ دژایەتیکردنی تورکەکان لەناوچەکەدا، بەڵام لەم هەوڵەشدا شکستیان هێنا بەهۆی لەدەستدانی متمانەیان لای کوردەکان لەپاش کشانەوەکەیان لە کەرکوک (بارزانی، ٢٠٠٢: ص٢٦).

یەکێک لەو بڵاوکراوانەی کە ئاڕاستەی کوردەکان کرابو لەلایەن تورکەکانەوە، داوایان لێدەکات کەوا هیوایان بەهێزەکانی بەریتانیا نەبێت، هەروەها ئاگاداریان دەکاتەوە لەو پاشەڕۆژە ترسناکەی کە ڕوبەڕوی هەمو ئەو کەسانە دەبێتەوە کە هاوکاری هێزی کفر دەکەن، لە بڵاوکراوەکەدا هاتوە «ئەرمەنەکان فریودران بە بەڵێنی درۆینە، دژی سوپای خودا (عوسمانی – زع) جەنگان، بەڵام تێکوپێکشێنران و لەناوبران – ئاشورییەکانیش بەهەمان شێوە کەوتنە ئەم تەڵەیەوە، هەڵخەڵەتێنران بەهەندێک درۆ و پێدانی چەک لەلایەن بەریتانیاوە، ئەمانە هەمویان لەناوبران، و هیچیان لە پاش بەجێ نەما جگە لە هەندێک گۆڕ و بێوەژن و هەتیو... بەڵێن دەدەین کە هێزی بەریتانیا لە ناوچەکە دەرپەڕێنین...» (بارزانی، ٢٠٠٢: ص٢٧).

بەڵام هێزەکانی بەریتانیا دوبارە لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٩١٨، شاری کەرکوکیان کۆنترۆڵ کردەوە، لە پاش ئەوەی جەنەڕاڵ مارشاڵ دوبارە هێزەکەی ڕێکخستبوەوە و ئامادەی کردبو، ئەمجارە ئەفسەری سیاسی بەریتانیا، مێجەر نوئێل کرا بەحاکمی ئەم شارە(حەمدی، ١٩٩٧: ل١١)، وێڕای سەرکەوتنی سوپای بەریتانیا، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی سەرباز و پێداویستی سەربازی، بڕیار درا کاروباری کوردستان بەشێوەیەکی سیاسیانە ڕێکبخرێت، هەر لەبەر ئەمەش بو کەسێکی وەک مێجەر نوئێل دیاریکرا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە، چونکە زۆر گرینگی بە کورد و کێشە نەتەویەکەیان دەدا (احمد، ٢٠٠٤: ص ١٠٣) . ئەوناچەیەی کە خرابوە ژێر چاودێری مێجەر نوئێلەوە، سەرجەم ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی و بەشێکی گەورەی هەولێر و، ناوچەکانی دەوروبەریان، یەک یەکەی بەڕێوەبردنیان هەبو(حەمدی، ١٩٩٧: ل ١١)، زۆری نەبرد سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئینگلیزەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات و خەڵکی شارەکانی بەگشتی و شاری کەرکوک لەنێویاندا ڕوبەڕویان بونەوە، ئەم دۆخە بەردەوام بو تاکو گەشت بەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٠ سەریهەڵدا کە ناسراوە بە شۆڕشی تشرین(حسین، ١٩٦٧:ل٣). لەمەوە دەتوانین کۆتای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

جەنگی جیهانی یەکەم بەخاڵی سەرەتا دابنێین لە پەیوەندی نیمچە فەرمی نێوان ئەفسەرانی بەریتانی و سەکردەکانی کورددا لا باشوری کوردستان.

## تەوەری دوەم: کەرکوک و بزوتنەوەی شێخ مەحمود:

شێخ مەحمودی بەرزنجی پەیوەندییەکی مێژویی هەبوە لەگەڵ کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری و خێڵەکان و تەکییەکان و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لەسەرجەم ئاستەکاندا. مێژوی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو قۆناغەی کە شێخ مەحمود سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی باشور گرتبوە ئەستۆ، بنەماڵەکەی ڕێزی زۆریان هەبو لە لای خەڵکی کەرکوک بەو پێیەی کە پیاوی دینی بون، و پەیوەندی بەردەوامیان هەبوە لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەم شارەدا(احمد، ٢٠٠٤: ص٥٤)، لەکاتێکدا شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود سەردانی ئەستەمبولی کرد بۆ بەجێهێنانی ئەو بانگەوازەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دوەم ئاراستەی کرد بو لەساڵی (١٨٩٣ ز) بەڕێگەی کەرکوکدا دەڕوات بۆ ئەستەمبول لەم شارەدا زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێکرا، یەکێک لە سکرتێرە تایبەتیەکانی شێخ سەعید ڕۆشنبیرێکی شاری کەرکوک بوە و ناوی (عزت کاکائی) بوە(احمد، ٢٠٠٤: ص١٥٥) .

هەروەها لەو کاتەدا کە شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود لە ڕوداوێکی نادیاردا کە تورکەکان دروستیان کردبو کوژرا لە کانونی دوەمی سالی ١٩٠٨ لە شاری موسڵ، ژمارەیەک لە جاندرمەی کورد هەروەها دەوریەی (هێستر سوار)یش کە چەکداربون، هەمویان خەڵکی کەرکوک و سلێمانی بون، هاوشانی یاوەرەکانی سەعید وەستان و چونە پاڵیان. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کوژرانی شێخ سەعید، خەڵکی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی بەتوندی هەژاند، ڕەفیق حیلمی کە لەو سەردەمەدا لە کەرکوک قوتابی بوە و ئاگاداری ڕوداوەکان بوە دەگێڕێتەوە «لەو ڕۆژانە ئەهالی شارەکانی کەرکوک و هەولێر بەجارێ هاتبونە خرۆش، عەشاعیری دەوری کەرکوک و سلێمانی ئارامیان لێ هەڵگیرابو»(حلمی ، ١٩٨٨:ل٣٨) .

لەپاش ئەم کارەساتە حکومەت لەبەر ئەوەی شۆڕشێک نەقەومێ شێخ مەحمود و دارودەستەکەی لە موسڵ ڕاگیرکردبو نەی دەهێشت بچنە دەرەوە، بەلام خەڵکی کوردستان بەمەیان زانی و لەڕێگەی گەورە پیاوانی کەرکوکەوە داوای بەردانی شێخ مەحمود و براکانیان کرد، و ڕایانگەیاند ئەگەر شێخ مەحمود بەرنەدرێت ئەوا هێرش دەکەنە سەر موسڵ و تۆڵەی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی لە دانیشتوانی ئەو شارە دەسێنن(حلمی، ١٩٩٨: ل٤٥) لەمەوە دەردەکەوێت کە دانیشوانی شاری کەرکوک تا ئەندازەیەکی زۆر پشتیوانی شێخ محمودیان وەکو سەرکردەیەکی دیار کردوە ، هە لەبەر ئەمەش بوە ئامادەبون لە پێناوی پارێزگاریکردن لێی ڕوبەڕوی نەیارەکانی ببنەوە. دوابەدوای ئەوەی کە شێخ مەحمود لە شاری موسڵ ئازاد دەکرێت و ڕودەکاتە شاری کەرکوک، لەو کاتەدا پەیامی نزیکبونەوەی شێخەکان لە کەرکوک بلاوبویەوە، ئەو شەوە تا بەیانی بەشێکی زۆری خەڵکەکە خەوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

لێنەدەکەوت، ئەو ڕۆژەی شێخ مەحمود گەشتە کەرکوک سەرتاپای دانیشتوانەکەی لە سپێدەی بەیانیەوە بە پێیان و بە سواری کەوتنەڕێ و تا ماوەی چەند سەعاتێ چون بە پیریانەوە(حلمی، ١٩٩٨: ل٤٧).

هەروەها شێخ مەحمود لە گفتوگۆو پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا هەردەم شاری کەرکوکی وەک بەشێک لە سنوری دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆی زانیوە، لەو پەیوەندییەی کە بە ڕوسەکانەوە کردی ساڵی ١٩١٣ بەناوی کوردی سلێمانی و کەرکوک و هەولێرەوە قسەی کردبو(احمد، ٢٠٠٤: ص١٥٦)، کاتێک شێخ مەحمود سەرکردایەتی هێزێکی گەورەی کوردی کرد بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی بەریتانیا و هاوشانی عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەساڵی ١٩١٥، ژمارەی چەند سەد کەسێک لەو کوردە خۆبەخشانەی (احمد، ٢٠٠١: ل١٨) کە لەگەڵ شێخ مەحمود دابون دانیشتوانی شاری کەرکوک و دەوروبەرەکەی بون و هاوشانی شێخ بەشداری جەنگەکەیان کرد، هاوکات سێ لەسەرکردەکانی کوردی کەرکوک یاوەری شێخ مەحمود بون لە هامان شەڕدا ئەوانیش (ڕەفعەت ئیسماعیل بەگی داودە، نامق علی ئاغای ئامۆزای ڕەفعەت لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقا) (احمد، ٢٠٠١: ل١٨)، لەم شەڕەدا (نامق علی ئاغای داودە) شەهید بو، کە بەردەوام خۆی و بنەماڵەکەی لایەنگری شیخ مەحمود بون و دژی ئینگلیز جەنگاون، هەروەها تورکمانەکانی کەرکوکیش لەم شەڕەدا ئامادەبون و هاوشان و هاوپەیمانی کوردەکانی کەرکوک بون (احمد، ٢٠٠٤: ص١٥٧).

بە تێپەڕبونی کات و ڕونبونەوەی ڕاستیەکان، شێخ مەحمود لە دواساڵەکانی جەنگدا بۆی دەردەکەوێت کە تورکەکان نەیاری ڕاستەقینەی کوردن و نەک بەریتانییەکانەوە، بۆیە پەیوەندی بە ئینگلیزەوە دەکات و بەشێکی پەیوەندییەکانیشی لە ڕێگەی کەرکوکەوە بەئەنجام دەگەیاند، هەر لەپاش ڕزگاربونی ئەم شارە لەدەستی تورکەکان، شێخیش لەبەر ئەوەی ئەم خاکەی بە خاکی کورد زانیوە دەست خۆشی لە بەریتانییەکان کردوە، پاش تەواوبونی جەنگ ئەم شارە بو بە بنکەیەک بۆ بەیەکگەشتی نوێنەرەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ بەریتانییەکاندا. دوابەدوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی و موسڵدا، بەریتانییەکان ڕێکەوتن نامەیەکیان لەگەڵ شێخ مەحمود دا ئیمزاکرد، شێخ قایل ببو وەرگرتنی یارمەتی و پارێزگاری بەریتانییەکان، و دەسەڵاتی گەیشتە بەشەکانی سنوری کوردستان لە دەرەوی سلێمانی، ولْسن لەم بارەیەوە نوسیویەتی «بەرامبەر بە پشتگیری کردنی سەرۆک هۆزەکان، یاداشتێکم دا بە شێخ مەحمود کە سەرجەم عەشائیرە کوردییە دانیشتوەکانی نێوان ڕوباری زێی گەورە و سیروان(دیالە) ڕێگەیان پێدەدرێت بەخواستی خۆیان شێخ مەحمود وەک سەرکردەیان قبوڵ بکەن، جگە لەوانەی دانیشتوانی نێو سنوری ئێرانن، و ئێمەش هاوکاری دەبین لەلایەنی مەعنەوی و هونەری جگە لەمادی» (احمد، ٢٠٠٤: ص١٥٩)، ئەو سنوری دەسەڵاتەی شێخ محمود کە ولسن باسی لێوەکردوە کەرکوکیش دەگرێتەوە، بەڵام دانیشتوانی شاری کەرکوک وێڕای ئەوەی ئارەزوی ئەوەیان هەبو بچنە پاڵ دەسەڵاتێکی کوردی، حەزیان نەدەکرد لەلایەن شێخ مەحمودەوە حوکمڕانی بکرێن(حمدی، ١٩٩٧: ل١٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوە کە پەیوەندی بە شێخ مەحمود و هەندێک لە هۆزەکانی شارەکەوە هەبوە کە سەردەمانێک پەیوەندیان باش نەبوە، جگە لەمەش ژمارەیەکی کەم لە دەرەبەگەکان لەگەڵ شێخ مەحمود پەیوەندییان مابو بەهۆی هەڵسوکەوت و مامەڵەی نەگونجاوی شێخەوە لەگەڵیان، هەروەها بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شار وایان دەبینی کە بزوتنەوەکەی شێخ زیان بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیەنێت، بەشێک لە تورکمانەکانی کەرکوکێش هەڵوێستی دژی شێخیان هەبو وە خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکبون بۆ شارەکە (احمد، ٢٠٠٤: ص١٦٣)، سەرباری ئەم فاکتەرانە شێخ مەحمود وایدەبینی کە ئینگلیزەکان بونەتە هۆی ئەوەی شارەکانی کفری و کەرکوک و هەندێک لە ڕەئیسەکانی کورد، باوەڕ بە دەسەڵاتی نەکەن و نەیەنە ژێر حوکمییەوە(حلمی، ١٩٩٨: ل٧٠)، دیڤد ماکداول لەلاپەرە (٣٣١)ی کتێبەکەیدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات و دەڵێت «لە مانگی ئاداری ١٩١٩ چەند هەنگاوێگ بۆ بەرتەسک کردنەوەی چالاکیەکانی شێخ مەحمود ئەنجامدران، مێجەر نوئێل کە سیاسەتی هۆزایەتی داهێنابو، شێخ مەحمودی کردبوە (حوکمدار)، جێگای خۆی بۆ مێجەرسۆن چۆڵکرد، دانانی سۆن لەباتی نوئێل ئاگادارکردنەوەیەکی پاشا بو، هاوکات بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی شێخ محمود بو (قادر، ٢٠٠٥: لا ٣٧). لەم میانەدا کەرکوک و کفری و کۆیە و ڕەواندز و هەڵەبجە و ناوچەی جافەکانیش لە قەڵەمڕەوی شێخ دەرچون(ماکداوڵ، ٢٠٠٢: ل٣٣١)»

لەدوایدا ئەمە بوبە یەکێک لەهۆکارەکانی تێکچونی پەیوەندی نێوان شێخ وبەریتانییەکان، پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوی دا، ئینگلیزەکان لەشاری سلێمانی کشانەوە، هەر لەم کاتەدا برایم خانی دەلۆو و وەیسی بەگ و عەلی ئاغای زەنگەنە چونە لای شێخ مەحمود و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی(نەریمان، ١٩٨٥: ل١٦٥). لەپاش ئەوەی شاری سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمودەوە، هەوڵیدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فراوان بکات و کەرکوکیش بگرێتەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیازەشی هێزێکی چاودێری (کەشافە)ی تا نزیک کەرکوک نارد(حلمی، ١٩٩٨: ل١٢٢).

دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی لەمەبەستی شێخ تێگەیشتن ئەوەبو هەوڵی سنوردارکردنی دەسەڵاتیاندا و یەکەم پێکدادان لە ناوچەی تاسلوجەدا ڕویدا و هێزی شێخ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەگەڵ نزیک بونەوەی مەترسی لەشاری کەرکوک بەریتانییەکان هێزێکی زۆریان کۆکردەوە، لە دەربەندی بازیان دوبارە لەگەڵ هێزی شێخ دا بەیەکیاندادا بەڵام ئەمجارە هێزی بەریتانییەکان سەرکەوتن و شێخ مەحمود دەستگیرکرا(سجادی، ١٩٩٦: لا ٥٧) و بەدەست بەسەری ڕەوانەی هندستان کرا لە حوزەیرانی ١٩١٩(احمد، ٢٠٠٤: ص١٦٥)، لە ڕاپۆرتێکی مێجەر نۆئێلدا، کە باسی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود دەکات کە لە ٥ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە سلێمانی ڕویدا، دەڵێت «ئێستا ئاشکرا بو کە لە باشوری کوردستاندا هێز و دەسەڵاتی شێخ مەحمود کاریگەری بۆ سەر پاشەڕۆژ و ئاشتی وڵات دروست دەکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی کەرکوک و کفری چونە ژێر حوکمی ئەوەوە، چونکە شێخ بەوە ڕازی نەدەبو کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٩ دا کەرکوک و کفری دەربکرێن لەو ناوچەیەی کە بۆ حوکمەکەی دەستنیشان کرابو... (حەمدی، ١٩٩٧: ل٢٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

دورخستنەوەی شێخ مەحمود نەبوە هۆی ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکەن بەڵکو پەشێوی و ڕاپەڕین سەرجەم ناوچە کوردییەکانی گرتەوە لە هەمو ناوچەکانی کەرکوک، هەولێر، زاخۆ، ئامێدی، پشدەر خەباتی چەکداری هەڵگیرسا و سەرەنجام ئینگلیزەکان سەریان لێشێوا و تەنگیان پێهەڵچنرا(شەمزینی، ١٩٩٨: ل١٥٧)، هەر لەم کاتەدا هەمەوەندەکان لە ناوچەی چەمچەماڵ، و برایم خانی دەلۆ لە کفری ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینەدا، کەمالییەکان هێزێکی بچوکیان ناردبوە ناوچەی ڕەواندز بۆ یارمەتی و هاوکاری کورد دژی ئینگلیزەکان، هاتنی ئەم هێزەی تورک بەتەواوی ئینگلیزەکانی پەرێشان کردبو، چونکە لە سەرجەم ناوچەکاندا بە چاوێکی ڕزگارکەر تەماشا دەکران، کەرکوکیش بو بەیەکێک لە ناوەندە گرنگەکان بۆ بڵاوبونەوەی ئەم بۆچونە نوێیە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی کەرکوک چونە ڕەواندز و کەوتنە دژایەتیکردن و پەلاماردانی سوپای بەریتانیا(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل١٢١)، هەروەها هەریەکە لە هۆزی زەنگەنە و هۆزی جەباری دژی بەریتانییەکان ڕاپەڕین (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل٢٢) . سەرەنجامی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بونە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی لە **(٥ی ئەیلولی ١٩٢٢)** سەرجەم فەرمانبەرەکانیان لە سلێمانی پاشەکشە پێبکەن بۆ کەرکوک، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا بارودۆخی شاری کەرکوکیش بەرەو تێکچون دەچو، بۆیە دەیانویست بارودۆخی شاری کەرکوک هێمن بکەنەوە و نەهێڵن هیچ ڕاپەڕینێک سەرهەڵبدات(احمد، ٢٠٠٤: ص١٦٧) .

شان بە شانی ئەو ڕوداوانە هەڵمەتێکی گشتی هەبو داوای دوبارە گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد لە دورە وڵاتی لە هندستان، سەرجەم ناوچە کوردییەکان بە کەرکوکیشەوە لەم هەڵمەتەدا بەژداربون، ئەم بارودۆخەی کوردستان و زیادکردنی مەترسی نفوسی تورک لە باشوری کوردستان وای لە بەریتانییەکان کرد بیر لە گەڕاندنەوەی شێخ بۆ سلێمانی بکەنەوە، تاکو بتوانن لە ڕێگەیەوە هێمنی و ئارامی بگەڕێننەوە بۆ کوردستانی باشور. پاش گەڕاندنەوەی شێخ لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ بەریتانییەکان نازناوی حوکمداری کوردستانیان پێبەخشی، بەڵام لەمانگی دواتردا شێخ مەحمود ناوی (مەلیکی کوردستانی) بۆخۆی دانا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە کەرکوک لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخستنە ئیدارییە نوێیەدا بو، کە بەریتانییەکان نەخشەی بنیاتنانیان بۆ دارشتبو لەگەڵ شێخ مەحمود دا(مینە، ١٩٩٩: ل٨٥) .

بەپێچەوانەی هەڵوێستی نەیارانی پێشتری بەشێک لە دانیشتوانی کەرکوکەوە، ئەمجارەیان دانیشتوانی کەرکوک بە کورد و تورکمانەوە، هاوشانی شێخ مەحمود وەستان و زۆر بە توندی پشتگیریان لێکرد(احمد، ٢٠٠٤: ص١٧١)، تەنانەت لەکاتی گەڕانەوەیدا کاتێک شێخ مەحمود گەشتە کفری زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی (داودە – شوان – ساڵەیی – زەنگەنە - شێخ بتوێن – قەرەحسن – جەباری – هەمەوەند - بەیات) ڕویانکردە کفری بۆ بەخێرهاتنەوەی شێخ (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١:ل١٢٣)، و هەندێکیان هاوەڵیان کرد تاکو گەیشتەوە سلێمانی(هاوار، ١٩٦١: ل٢٩٥).

شێخ لە١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ دا مەحمود کابینەی حکومەتی ڕاگەیاند، لەوکاتەدا زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی کەرکوک ڕویان کردە سلێمانی بەمەبەستی پیرۆزبایی، لە هەمان کاتدا وەفدێکی عەشرەتی (عوبێد)ی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

عەرەبی بەبۆنەی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە تاراوگە و پێکهێنانی حکومەت سەردانی شاری سلێمانیان کرد بۆ مەبەستی پیرۆزبایی(تاڵەبانی، ٢٠٠٤: ل٥٥). شێخ مەحمود بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کەرکوک بەشێکە لە قەڵەمڕەوەکەی لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دا دو کەرکوکی زادەی کرد بە یاریدەدەری خۆی(کۆچێرا، ٢٠٠٣: ل٧٩ ).

بەڵگەیەکی تر کە بەڕونی پەیوەندی سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی کەرکوک و شێخ مەحمود دەردەخات ئەو کۆبونەوە گرنگەیە کە شێخ مەحمود لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٣ دا لەگەڵ (٤٣) سەرۆک هۆزدا بەستی بۆ دانانی نەخشەی کارکردن بۆ دەسەڵاتەکەی، دابەشبونی جوگرافی سەرۆک هۆزەکانی بەشداربو بەم شێوەیە بو:-

١- دە سەرۆک هۆز لە (عشائیر)ی کوردی ئێران.

٢ - سیانزە سەرۆک هۆز لە سلێمانی و هەڵەبجە.

٢- چوار سەرۆک هۆز لە هەولێر و کۆیسەنجەق.

٣- شانزە سەرۆک هۆز لە کەرکوک(احمد ،٢٠٠٤ : ص١٧١).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ژمارەی ئەو سەرۆک هۆزانەی لە ناوچەی کەرکوکەوە بەشداری ئەم کۆبونەوەیەیان کردوە زۆرتربوە لە ژمارەی ئەوانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی ترەوە هاتون، ئەمانە نوێنەری (جاف – زەنگەنە – داودە – هەمەوەند - جەباری و دەلۆ)یان کردوە، لەناو ئەم بەشداربوانە دوانیان لە سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی حەویجە بون، هەندێک لەتورکمانە ناودارەکانی کەرکوک کە زۆرترین پێگە و دەسەڵاتیان هەبوە هاوکاری شێخ مەحمودیان کردوە لەوانە (نازم بەگی نەفتچی)، شێخ مەحمودیش گرنگی بە ڕۆڵی تورکمانەکان داوە، یەکێک لە ڕۆژنامەکان کە (بانگی کوردستان) بو بەشێک لە بابەتەکانی بە زمانی تورکی بڵاودەکردەوە(احمد، ٢٠٠٤: ص١٧٤). وێڕای هەمو ئەو پەیوەندیانەی باسمان کرد، شێخ مەحمود زۆرجار لە کۆڕە تایبەتەکانی خۆیدا ئەوەی دوپات دەکردەوە «نەوت نەوتی خۆمە (مەبەستی کەرکوکە)چی پەیوەندی بە کەسانی ترەوە هەیە»، ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحمود بەریتانییەکانی نیگەران کردبو زیاتر لە هەمو شتێک و پاڵی پێیانەوە دەنا هەمو ڕێگەیەک بگرنەبەر بۆ دورخستنەوەی کەرکوک لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و شێخ مەحمود بەتایبەتی(تاڵەبانی،٢٠٠٤، ل ٤٨).

دوبارە پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و بەریتانییەکان ڕوی لەخراپی دەکرد، بەهۆی بەجێ نەهێنانی داواکاریەکانی کورد لەلایەن بەریتانیاوە، هەروەها باوەڕنەمانی شێخ بە ئینگلیزەکان، و پەیوەندی شێخ بە ئۆزدەمیر و لەهەمانکاتدا لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەتدا، بارودۆخەکە ڕوی لە خراپی کرد. لەم سەروبەندەدا (سەرەتای ساڵی ١٩٢٣) بەریتانییەکان لە سلێمانی پاشەکشەیان کرد، بەڵام فشاری زۆریان خستەسەر شێخ مەحمود و دەسەڵاتەکەی، بەتایبەتی دوای ئەوەی شێخ نەخشەی کێشابو کە بەریتانییەکان لە کەرکوک دەربکات، بە هاوکاری ئەفسەرە کەمالییەکان کە لەناوچەکەدا بون(کۆچێرا،٢٠٠٣: ل٨٢).

لەزۆر بەڵگەنامە نهێنییەکان و ڕاپۆرتەکانی بەریتانیادا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە کەرکوک هۆکاری یەکەمی کردە سەربازییە فراوانەکان بو کە دەسەڵاتی ئینتداب دژی شێخ مەحمود بە ئەنجامیان گەیاند لە ئازاری ساڵی ١٩٢٣ دا،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

هەروەها لە بروسکەیەکدا کە لە ٣ی ئازاری ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن مندوبی سامی بەریتانییەوە لە بەغدا نێراوە بۆ وەزیری ناوچە داگیرکراوەکان، تێیدا هاتوە «ئێمە ناچاربوین، بەڕاویژ لەگەڵ سەرۆکی هێزی ئاسمانی، فرمان بدەین بە بۆمبارکردنی سلێمانی تاکو ڕێگەنەدەین بە شێخ مەحمود هەستێت بە هێرشکردن بۆ سەر کەرکوک و کفری» (احمد،٢٠٠٣: ل ١٨٤).

پاش ئەوەی شێخ مەحمود لە ئازاری ١٩٢٣ لە سلێمانی پاشەکشەی کرد، لە هەمانکاتدا نەخشەیەکی دانابو بۆ دەستگرتن بەسەر شاری کەرکوکدا بەهاوکاری هەندێک لە هۆزە کوردەکان، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم پلانەش سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا بەهۆی هەڵوێستی دوژمن کارانەی توندی دەسەڵاتدارانی بەریتانییەوە(ماکداوڵ، ٢٠٠٢: ل٣٤١) .

## تەوەری سێیەم: سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئینگلیز لە کەرکوکدا:

سنوری کەرکوک لە زێی بچوکەوە دەگاتە دیالە و لە ڕۆژهەڵاتەوە لیوای سلێمانی و لە ڕۆژئاواوە لیوای موسڵ، لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هەولێر بوە (فوستر، ١٩٨٩: ص٢٠٤)، کەرکوک بەسەر دو بەشدا دابەش ببو بەری قەڵا و بەری قوریا(بیل، ١٩٧١: ل ١٨٧). لیوای کەرکوک شەش قەزای هەبوە بەپێی دابەشبونی ئیداری ١٩١٨ کە ئەوانیش قەزاکانی کەرکوک و ڕەواندوز و هەولێر و کۆیە و کفری و ڕانیە بوە(الحسنی، ١٩٣٣: ص١٨٦)، لە ساڵی ١٩٢٣ لیوای کەرکوک دابەشکرا بۆ دو لیوا و لیوای هەولێری(اربيل) لێجیابووەوە، و لە ساڵی ١٩٢٤ هەندێک ناوچەی دیکەی لێدابڕێنرا و خرایە سەر لیوا نوێیەکەی سلێمانی(الحسنی، ١٩٣٣: ص١٨٦).

ئینگلیزەکان دوای ئەوەی هەر شارێکیان داگیربکردایە، وەک کارێکی سەرەتایی حاکمێکی سیاسیان بەسەر شارەکەوە دادەنا، کەرکوکیش یەکێک بو لەم شارانە، لەپاش داگیرکردنی کەرکوک لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە، ڕاستەوخۆ زنجیرەیەک ڕێوشوێنیان گرتەبەر لەپێناو ڕێکخستنی لایەنی بەڕێوەبرنی شارەکە، بۆ ئەم مەبەستە (نقیب بولارد) دانرا وەک حاکمی سیاسی شارەکە، یەکەم کاری بولارد پەیوەندی کرد بە ناودارترین شێخ و کارهەڵسوڕێنەرەکانی شارەکە لە کورد و تورکمانەکان، وە داوای یارمەتی لێکردن بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە، گرنگترین کارێک کە بولارد ئەنجامیدا دامەزراندنی دادگای ئاشتی (محكمة سلم) بو لەپێناو هێمنی و ئاسایشی شارەکە، (ئەحمەد حەمدی ئەفەندی) کرایە سەرۆکی ئەم دامەزراوەیە، کە کەسایەتیەکی ناسراوی کوردی شارەکە بو، ڕۆڵی گرنگی بینی لە بەڕێوەبردنی کەرکوکدا(احمد، ٢٠٠٤: ص١٠١).

دوای پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا و دواتر دوبارە گەڕانەوەی بۆ شارەکە، (مێجر نوئێل) کرا بەحاکمی سیاسی لەم شارەدا، و سوپای بەریتانی لەسەرەتادا بڕێکی زۆر خواردەمەنی هێنابو بۆ ناوشارەکە تاکو چارەسەری ئەو برسێتی و نەهامەتی و تاڵانی و دزیە بکات کە عوسمانییەکان پێی هەستابون(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل١١٩). ئینگلیزەکان بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم ناوچەکانی نێوان زێی بچوک و ڕوباری سیروان یەک حاکمی سیاسیان دانابو ئەویش لە کەرکوک دادەنیشت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

لەپاشدا (کابتن لونگریک) کرا بە وەکیلی حاکمی سیاسی لە کەرکوک، و ئەرکی دامەزراندنی دامەزراوە بەڕێوبەریە نوێییەکانی کەوتە سەرشان، پێکهاتەی نەتەوەی کەرکوک خۆی سەپاندبو بەسەر هەر هەنگاوێکدا کە لونگریک لەبواری بەڕێوەبردندا نەخشەی بۆ کێشابو، یەکەم هەنگاوی گرنگ کە لونگریک کاری بۆ کرد، دامەزراندنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شاربو،

کاری ئەم ئەنجومەنە یارمەتی دانی حاکمی سیاسی بەریتانی بو لەم شارە، ئەم ئەنجومەنە پێکهاتبو لە دوانزە ئەندام کە بەم شێوەیە دابەشکرابو:-

١-یەک ئەندام مەسیحی.

٢-یەک ئەندام عەرەب.

٣-یەک ئەندام جولەکە.

٤-سێ ئەندام تورکمان.

٥-شەش ئەندام کورد(احمد، ٢٠٠٤: ص١٠٧) .

هەرچی شەش ئەندامە کوردەکە بون لەمانە پێکهاتبون: (ئەحمەد خانەقا، ئەحمەدی حەمدی ئەفەندی، جەمیل بەگ بابان، عومەر ئاغا، شێخ حەمید تاڵەبانی، ڕەزابەگ)، سەرباری ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، کورد و تورکمان زۆربەی کاری ئیداری کەرکوکیان بەڕێوەدەبرد لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا، بۆ نمونە لە فەرمانگەی شارەوانیدا، بەریتانییەکان زۆربەی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەیان بەکاردەهێنا کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم کارەیان بەڕێوەدەبرد کە کورد و تورکمان بون، هەروەها بەریتانییەکان بەڕێوەبەرێتی تایبەتیان لە کەرکوک بۆ داهات دانابو، کە حاکمی سیاسی لە کەرکوک سەرپەرشتی دەکرد، هەروەها هەژار و لێقەوماوان دەکران بە پاسەوان بۆ چاودێری ڕێگاکان و باجیان لە خەڵکی وەردەگرت(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠١: ل١١٩).

لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا لە ڕاپۆرتی کارگێڕی لە ڕێکەوتی ٢٦ ئۆکتۆبەری ١٩١٨ هاتوە کە دامەزراندنی هەندێک لە دامەزراوە بەڕێوبەرییەکانی کەرکوک بەند بو بە هەڵوێستی کوردەوە، بەریتانییەکان خۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە لە سەرەتادا نەیان توانیوە هێزێکی تایبەتی پۆلیس لە کەرکوک دابمەزرێنن بەهۆی بەشداری نەکردنی کورد وە ئەوەش وای لە بەریتانییەکان کردوە کە سی پۆلیس لە دەرەوەی کەرکوک بهێنن(احمد، ٢٠٠٤: ص١٠٨). سەرباری دانانی فەرمانبەرە کۆنەکان، لۆنگریک نەیتوانی دەسەڵاتی سەرۆک هۆزەکانی کورد لە کەرکوک کەم بکاتەوە، پێدەچێت هەر لەبەرئەوەش بەریتانییەکان (فەتاح پاشا)یان وەک یەکەم موتەسەڕیفی ئەم شارە دانابێت چونکە ڕێزی کوردەکانی ئەم شارەی زۆر لەلابو، هەرچەندە بەریتانییەکان بە تورکمانیان داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا فەتاح پاشا کورد بوە(احمد، ٢٠٠٤: ص١١٢)، لە کتێبی (اعلام الکرد) ئەوە هاتوە کە فەتاح کوڕی سلێمان پاشا کە ناسراوە بە فەتاح پاشا لە عەلەوییەکان بو کەسایەتییەکی کوردی بوە.( بصری، ١٩٩١، ص١٦١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

لەم سەروبەندەداو لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ ئینگلیزەکان ڕۆژنامەی نەجمە(النجمة)یان لە کەرکوک دەرکرد، ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و ڕاگەیاندنی دامودەزگاکانی حکومەت بو، ڕەفیق حلمی یەکێ بوە لەوانەی چەندین جار بابەتی تێدا نوسیوە(حلمی، ١٩٨٨: ل٣١) . کەرکوک بنکەی بەڕێوەبردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی باشور بوە بەدرێژایی ساڵەکانی داگیرکردنی بەریتانیا (١٩١٨ – ١٩٢٠)، و هیچ کاتێک لە باشوری کوردستان دانەبڕاوە هەروەکو لە نامەگۆڕینەوە و بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا دەردەکەوێت کە لەو سەردەمەدا نوسرابون(احمد، ٢٠٠٤: ص١١٣). بەدرێژایی سەردەمی حکومەتی کاتی عێراق، کەرکوک لەڕوی بەڕێوەبردنەوە نەبەسترابۆیەوە بە حکومەتی ناوەندیەوە، هەروەک سەرجەم ناوچە کوردییەکانی دیکە ڕاستەوخۆ لەلایەن مندوبی سامیەوە سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوەدەبرا.

بەتێپەڕبونی کات، بەهۆی سیاسەتی نالەباری ئینگلیزەکان و دەست و پەیوەندەکانیانەوە بارودۆخێکی خراپ لە باشوری کوردستاندا سەریهەڵدا و ئاسودەی و هێمنی تێکچو، چونکە پیاوە باشەکان بەرەبەرە لە حکومەت دوردەکەوتنەوە، کەسانی هەلپەرست و بەکرێ گیراو لە جێگەیاندا دامو دەزگاکانیان بەڕێوەدەبرد، ئەمەش وایکرد کە دانیشتوانی کەرکوک دژی بەریتانیا هەڵوێست وەرگرن(حلمی، ١٩٨٨: ل٣١). بەهۆی هەڵوێستی دژانەی بەریتانییەکان بەرامبەر بە کورد، لە ساڵانی ١٩٢٢ – ١٩٢٣ ئازاردان و ڕاوەدونانی ئەو کەسانە پەیرەودەکرا کە دژ بەسیاسەتی ئینگلیز دەجوڵانەوە، کۆمەڵێک لە خەڵک لەم شارە هەڵاتن و چونە ناوچەی ڕەواندوز(حلمی، ١٩٨٨: ل١٤٣).

لەدوای هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەرکوک بەریتانییەکان جیاواز لە هەڵوێستەکانی سەرەتایان، کەوتنە هەوڵی دابڕینی ناوچەکە لەخاکی کوردستان، ئەمیش لەڕێگەی دابڕینی ناوچە کوردییەکانی سەربە کەرکوک لەڕوی بەڕیوەبردنەوە، هەروەها دامەزراندنی موتەسەڕیفی دژ بە کورد لەم شارەدا، هەروەک لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا باسی لێوەکراوە، نمونەی ئەمانەش مەجید یەعقوبی و فەتاح پاشایە(احمد، ٢٠٠٤: ل١٨٧)، هەروەها نەخشەیەکی دورودرێژی وا کێشرا کە کەرکوک مۆرکی کوردایەتی پێوەنەمێنێت و بۆ ئەم مەبەستە و بۆ پەیداکردنی لەنگەرێک کە لەگەڵ سیاسەتی ئەو ڕۆژانە و دواڕۆژیاندا یەکی دەگرتەوە، ژمارەیەک عەرەبیان لە ناوچەکە جێگیرکرد(هاوار،١٩٩١: ل١٦٢) .

بەم شێوەیە سیاسەتی بەڕێوەبردنی بەریتانیا بەجۆرێک بو کە هیچ کات و بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەم شارە نەبوە، لەپاش ئەوەی کە بەریتانیا لای کوردەکان متمانەی نامێنێت، سەرجەم هەوڵەکانی بەریتانیا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئەم شارە لە کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی دابڕن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

## تەوەری چوارەم: هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوک لە دانانی شا فەیسەڵ و کێشەی ویلایەتی موسڵ:

دوای ئەوەی پەشێوی و ئاژاوەیەکی زۆر لە عێراقدا سەری هەڵدا، بەریتانیاش بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە ناچاربو، لە (قاهیرە) کۆنگرەیەک لە ئازاری ساڵی ١٩٢١دا ببەستێت، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرا بە دامەزراندنی سیستەمی پادشاییەتی لە عێراقدا، (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ل٦٧) بۆ ئەم مەبەستە فەیسەڵ بۆ تەختی عێراق دەست نیشانکرا(شوانی، ١٩٩٩: ل٥) . بەشداربوانی کۆنگرە وایان دەبینی کە فەیسەڵ باشترین و شیاوترین کەسە بۆ ئەو پۆستە، بەڵام ئەوەشیان لا ڕون بو کە بەریتانیا بەتەنها ناتوانێت فەیسەڵ بۆ ئەم پۆستە دابنێن، بەڵکو دەبێت دانیشتوانی نێوان دو ڕوبار ئەم کەسە دەستنیشان بکەن(احمد، ٢٠٠٤: ص ١٣٥)

بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان بەرپرس و لێپرسراوانی بەریتانیا لە عێراقدا کەوتنە هەوڵ و کۆشش تاکو ئەوەندەی لە توانایاندا بێت زۆرترین پشتگیری بۆ فەیسەڵ بەدەست بهێنن، هەروەک ڕەفیق حیلمی دەڵێت «کاتێک دەستکرا بە کۆکردنەوەی (دەنگ) مەئمورەکانی ئیدارە وەک موتەسەڕیف و قائمقام و مدیرەکان و لە پشت ئەوانەوە مشاورەکانی سیاسی ئینگلیز، ئەم کارەیان بە ئاسانی و سوکی بردەسەر، ئەوانەی دژی ئەم کارەش دەوەستان دەم شیرین و دەم کوت دەکران» (حلمی، ١٩٨٨: ل٢٠٠) .

سەرباری هەوڵی بەردەوامی ئینگلیزەکان نەتوانرا وا لە دانیشتوانی کەرکوک بکرێت پێچەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەییان بڕیار بدەن، چونکە ئەمە لەکاتێکدابو کێشەی کورد چارەسەرنەکرابو، چارەنوسی ئەو بەڵێنە سیاسیانەی بەناوچە کوردییەکان درابو ڕوننەبو، کە لەدوایدا ئەمە بو بەهۆی کێشەیەک لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی کە لە کۆنگرەی قاهیرە درابو، لەوەدا کە دەنگدانێک بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی فەیسەڵ بۆ تەختی عێراق(احمد، ٢٠٠٤: ص٣٣).

سەرئەنجام و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانەکەیاندا، بەریتانییەکان توانیان وا بکەن کە بەدەر لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، سەرجەمی ئەو ڕاپرسیانەی کە بەئەنجامیان گەیاند لە ناوەڕاست و باشوری عێراق بەشاری موسڵیشەوە، لەگەڵ دانانی فەیسەڵ بون بۆ تەختی پاشایەتی عێراق(احمد، ٢٠٠٤: ص١٣١)، لە کاتێکدا لە کوردستاندا بارودۆخ جیاوازبو، کاتێک ڕیفراندۆم کرا لەبارەی ئەوەی عەرەبێک بکرێت بە مەلیکی عێراق کوردەکان دودڵبون، بەتایبەت لە کەرکوک و سلێمانی، کە ئەمی دوایان بەشداری لە دەنگدانەکدا نەکرد، بەڵام کەرکوک دژی فەیسەڵ دەنگیاندا(تاڵەبانی، ٢٠٠٤: ل٣٣)، هەرچەندە ڕاوێژکارەکانی بەریتانیا هەوڵی زۆریان دابو کە دانیشتوانی شاری کەرکوک والێبکەن کە ڕازیبن بەدانانی فەیسەڵ(هاوار، ١٩٦١: ل١٠٦). سەرباری هەوڵی بەردەوامی بەریتانییەکان بۆ ڕازیکردنی کوردەکان بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسیەکەدا، مافی ئەوەشی پێدابون کە بەئارەزوی خۆیان بەشداربن لەم ڕاوەرگرتنەدا یان بەشدارنەبن بۆ هەڵبژاردنی شا بۆ عێراق(حسین، ١٩٩٩: ص٣٢).

دوای ئەوەی لە مانگی **(**تەموز**)**دا هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا(لونگریک، ١٩٨٨: ل ١٦٨)، ڕێژەی دەنگدەران ٩٦٪ بە (بەڵێ) لە بەرژەوەندی فەیسەڵ دەنگیان دابو(فوستر، ١٩٨٩: ص ٢٩٧) ، هەڵبەتە ئەم ڕێژە دەنگانە هیچی جێگای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

باوەڕنەبون(ماكداوڵ، ٢٠٠٢: ل ٣٥١) . هەر لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا بەریتانیا ئەوەشی خستبوە بەرچاو ئەگەر دانیشتوانی ئەم دو پارێزگایە (سلێمانی – كەركوك) بەشداریان نەكرد لەهەڵبژاردنەكەدا ئەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی حكومەتی عێراقی دەبن(الحاج، ١٩٨٥: ص٤٥) .

لەمەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە كە دەسەڵاتی بەریتانیا هەرپێش ئەنجامدانی ڕاوەرگرتنەكە هەستی بەوەكردوە كە دانیشتوانی ئەم دو شارە بەو كارە ڕازی نابن كە بەریتانییەكان پێوەی خەریكن لەدانانی كەسێكی عەرەب وەك فەرمانڕەوای وڵاتەكەیان، ئەم هەستی نەتەوایەتیە لای دانیشتوانی كوردی ناوچەكە بە ڕونی دیاربو، چونكە شاری كەركوك وێڕای دژایەتیكردنی دانانی فەیسەڵ، داوای دەوڵەتێكی كوردیان كردبو، بەڵام جودا لە سلێمانی(ماكداوڵ، ٢٠٠٢: ل٣٢٥)، هەروەها وەزیری داگیرگەكانی بەریتانیا لە لێدوانێكیدا لە بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا ئەوەی دوپات كردۆتەوە «ئێمە نامانەوێ دانیشتوانی كوردستانی باشور ناچار بكەین كە بچنە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی شا فەیسەڵەوە، ئەوان ئازادن لە بەشداریكردن لەو هەڵبژاردنەدا كە بەم نزیكانە ئەنجامدەدرێ(باوەڕ، ٢٠٠٠: ل٢٣٣).

سەرچاوە بەریتانییەكان لەبارەی شاری كەركوك و چۆنیەتی دەنگدان لەم شارەدا بە فەیسەڵ ئاماژە بەوە دەكەن، كە كۆبونەوەیەكی ڕەسمی بەستراوە بڕیاردراوە بەكۆی دەنگ هەڵبژاردنی فەیسەڵ پەسەندبكەن، بەڵام لە كۆبونەوە ناڕەسمیەكاندا كە لەماڵە تایبەتەكاندا دەبەسترا ناڕازیبون بەم بڕیارە، لە كۆبونەوەیەكدا كە لە ٢٣ی تەموز لە ماڵی (موفتی) بەسترا، بڕیاردرا كە فتوایەك دژی فەیسەڵ دەربكەن (بەوەی كە موسڵمانی ڕاستەقینە نیە، بەڵكو یەزیدیە)، ئەگەر فەیسەڵ بكەنە شا ئەوا لەگەڵ كوردستاندا یەكدەگرن(احمد، ٢٠٠٤: ص١٣٨)، چونكە لەوكاتەدا هەستی نەتەوایەتی لە كەركوك وروژابو(ماكداوڵ، ٢٠٠٢: ل٣٥٦).

هەروەها لە ڕاپۆرتێكی بەریتانیادا باس لەوە دەكات لە یەكێ لەكۆبونەوەكاندا كە ڕاوێژكاری بەریتانیاش ئامادەبوە، گەورە پیاوانی كورد و عەرەب لە گفتوگۆكانیاندا ، بڕیاری ئەوەیان دابو كە ئەوان دەنگ بەو كەسە دەدەن كەوا لەگەڵ ڕەغبەتی بەریتانیادا بگونجێت، بەڵام ئەوان فەیسەڵ و حكومەتی عەرەبیان ناوێت(صابر، ٢٠٠١: ص٢٣٣) .

هەر لەبارەی دانانی فەیسەڵەوە كۆمەڵێك سكاڵا لەلایەن دانیشتوانی كەركوكەوە درابو بە حكومەتی بەریتانیا بۆ خستنەڕوی ناڕەزایەتیان سەبارەت بەم پرسە، لەناو ئەم سكاڵایانەدا دو سكاڵانامە داوای حاكمی توركی دەكەن(احمد، ٢٠٠٤: ص١٢٨)، پێدەچێت ئەم دو سكاڵایەش لەلایەن ئەو توركمانانەوە نوسرابێت كە بەرژەوەندییەكانیان لەگەڵ دەوڵەتی توركیادا بوە، و دژی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بوە لەهەمان كاتدا. هەرچی ئەنجامی دەنگدانبو لەم شارەدا ئەوا بەم شێوەبو (٦٤) دەنگ لەگەڵ ئەوەدا بون فەیسەڵ ببێتە شای عێراق، (٢٧٨٦) دەنگ دژی ئەوە وەستان فەیسەڵ بكرێتە شا، بەڵام ڕەسوڵ هاوار دەڵێت «لە شاری كەركوك(٢٦١) دەنگ لەگەڵ دانانی فەیسەڵدا بون وەك شای عێراق» (احمد، ٢٠٠٤: ص١٠٤) .

دوای كۆتایی هاتنی دەنگدان بڕیاردرا كە فەیسەڵ بكرێت بەشای عێراق، لە ڕۆژی ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٢١ لەسەر بنەمایەكی لەرزۆكی گوماناوی تاجی پادشایەتی تەختی عێراق كرایە سەر فەیسەڵ، لە ئاهەنگێكدا كە بەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

بۆنەیەوە لە گۆڕەپانی (قشلە) لە بەغدا سازکرابو، نوێنەری سەرجەم شارەکان ئامادەبون جگە لە نوێنەری کەرکوک و سلێمانی(کۆچێرا، ٢٠٠٣: ل٧٠)، بەم شێوەیە لەدوای ناڕەزایی کورد و هەندێک لە شیعەکانی خواروی عێراق فەیسەڵ بو بە شا(مینە، ١٩٩٩: ل٨٥).

لەپاش دانانی فەیسەڵ گۆڕانێک لەمێژوی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا ڕویدا، لەبەرامبەر کێشەی کورددا بارودۆخێکی نوێ پەیدابو، کە ئەنجامەکەی بە پێچەوانە بەسەر کەرکوکدا شکایەوە، هەرچەندە بەریتانییەکان داوایان لە شا فەیسەڵ دەکرد کە هەڵوێستی ئیجابی هەبێت بەرامبەر کێشەی کورد، هەر لەسەردەمی شا فەیسەڵی یەکەمدا دوانزە جار پەیوەندی کردوە لەگەڵ سەرکردەکانی کورد دا بەوانەی کەرکوکیشەوە، و چاوی پێیان دەکەوت و نامەی لەگەڵیاندا دەگۆڕیەوە، هەر لەو سەردەمەدا بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی کوردستان دامەزرێنرا و بارەگاکەی لەشاری کەرکوک بو، (نوری بەرزنجی) کرابو بە بەرپرس لەم دامەزراوەیە(احمد، ٢٠٠٤: ص١٢٨).

وێڕای کارەکانی شا فەیسەڵ بەرامبەر مەسەلەی کورد، بەڵام دانیشتوانی کەرکوک بەردەوام دژایەتی فەیسەڵیان دەکرد وەک شای عێراق، دوای تێپەڕبونی سێ ساڵ بەسەر دەسەڵات گرتنە دەستی بۆ یەکەمجار شا فەیسەڵ لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٤ دا بەڕێگەی شەمەندەفەر هاتۆتە کەرکوک(فەرەج، ١٩٩٧: ل٧٥٦، بەمەبەستی هاندانی خەڵکی کەرکوک بۆ داواکردنی لکاندنی ناوچەکە بە عێراقەوە، هەر لەم سەردەمەوە بۆ یەکەمجار ئاڵای عێراق بەسەر فەرمانگە ڕەسمیەکانی لیواکەدا بەرزکراوە(کۆچێرا، ٢٠٠٣: ل٩١)، وێڕای بەخێرهاتنی لەلایەن بەرپرسانی لیواکەوە، بەڵام دانیشتوانی کەرکوک دژایەتیان بۆ حکومەتی عێراقی هێندەی تر زیادی کرد(احمد، ٢٠٠٤: ص١٥٣).

کەرکوک و کێشەی ویلایەتی موسڵ:

دوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم و شکستی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا، هێزەکانی بەریتانیا توانیان دەست بەسەر هەرسێ ویلایەتی (بەسرە و بەغدا و موسڵ)دا بگرن، بەڵام بەریتانیا لەپاش ئیمزاکردنی ئاگربڕی (مودروس) واتە لەپاش ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ ویلایەتی موسڵیان بەتەواوی داگیرکرد، هەر ئەمەش بو پاڵی بە کەمالییەکانی تورکیاوە نا کە داوای ئەم ویلایەتە بکەنەوە بەو بیانوەی کە لەپاش بڕانەوەی جەنگ دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمەش بویە هۆی دروستبونی کێشەیەکی نێودەوڵەتی کە ناسرا بە کێشەی ولایەتی موسڵ، کوردستانی باشور بەشی هەرە گەورەی ئەم ناوچەیەی پێکدەهێنا(حسین، ١٩٩٩: ص٣٨)

دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار ئەم کێشەیە لەکۆنگرەی (لۆزان)دا خرایەڕو بەمەبەستی چارەسەرکردنی، کێشەکە خرایە بەردەم لیژنەیەکی تایبەت لە کۆنگرەکەدا لە ڕۆژی ٢٣ی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٣ دا، هەردولای (بەریتانیا – تورکیا) جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەم ناوچەیە لە ژێر دەستیاندابێت، بەڵگەیان بۆ سەلماندنی داواکەیان دەهێنایەوە، هەرچی لەبارەی شاری کەرکوکەوە بو، هەردولا لیستی سەرژمێریان دابو بەلیژنەی لێکۆڵەرەوەی کێشەکە، لە لیستی عیسمەت ئینونو، وەزیری دەرەوی تورکیا (گیسارۆف و ڕەگوشین، ٢٠٠١: ل٧٧) دا کە لایەنگیری تورکمانەکانی ل کردبو، ژمارەی دانیشتوان بەپێی نەتەوەکان بەم شێوەیەدا بەشکردبو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

کورد: ۹۷،۰۰۰ ، تورکمان: ۷۹،۰۰۰ ، عەرەب:۸،۰۰۰(حسین، ۱۹۹۹: ص۱۱۵)

هەرچی ئەو لیستەی کە لۆردکیرزن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەبارەی نەتەوەکانی شاری کەرکوکەوە پێشکەش بە لیژنەکەی کردبو، ئەوا رێژەی نەتەوەکانی بەم شێوەیە دابەشکردبو:-

کورد:٤٥،٠٠٠ ، تورکمان:٣٥،٠٠٠ ، عەرەب:١٠،٠٠٠ ، مەسیحی:٦٠٠

جولەکە: ١،٤٠٠(احمد، ٢٠٠٤: ص١٩٢)

بەڵام کۆنگرەی لۆزان نەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکات، هەربۆیە لە ٢٠ی ایلولی ساڵی ١٩٢٤ کێشەکە خرایە بەردەستی (کۆمەڵەی گەلان) و ئەویش لای خۆیەوە لەسەر پێشنیاری نوێنەری بەریتانیا لە ٣٠ی ایلولی ١٩٢٤ دا بەکۆی دەنگ بڕیاری ناردنی لیژنەیەکی دا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ویلایەتی موسڵ و گوێگرتن لە بیروڕای دانیشتوانی هەرێمەکە (حسین، ١٩٩٩: ص٨٤). لیژنەکە کە لە ١٦ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ دا گەیشتە بەغداد لە ٢٧ی مانگدا لە موسڵ دەستیان بەکارکرد، لەشاری کەرکوک بە نوێنەرایەتی (ئارپولیس) لێکۆڵینەوەکان دەستی پێکرد، بەهاوکاری سەبیح نشأت(کۆچێرا، ٢٠٠٣: ل٨٦) ) و (کامل بەگ) (حسین، ١٩٩٩: ص٩٣).

لەم کاتەدا بەریتانیا لەهەوڵی ئەوەدابو کەوا لە لیژنەکە بگەیەنێت کە بەشێکی زۆری خەڵکی ساویلکەن و ناتوانن گوزارشت لە بیروبۆچونەکانیان بکەن(احمد، ٢٠٠٤: ص١٩٤)، و رێگەی ئەوەی لە لیژنەکە دەگرت کە پەیوەندی بکات بە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی کوردەوە، بەڵکو دەیویست تەنها دەست و پێوەندەکانی خۆیان لەگەڵ لیژنەکەدا چاوپێکەوتن و گفتوگۆ بکەن، پێدەچێت ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بێت کە نەبادا کوردەکان داوای سەربەخۆی و مافی چارەنوس بکەن چونکە لەم بارودۆخەدا بەریتانییەکان ناوچەیەکی ستراتیژیان لەدەست دەدا.

وێرای ئەوەی پرۆسەی ڕاپرسیەکە تەنها پیاوماقوڵانی شار و شارۆچکە و سەرۆک عەشرەتەکان و موختارەکان بەشداریان تێداکرد، لەهەمان کاتدا لیژنەکە لەکاتی پرس کردنیاندا فێڵێکیان لە خەڵکی دەکرد و دەیان پرسی: دەتەوێت لەگەڵ تورک بژی یان عەرەب؟، و دەیان پرسی: دەتەوێ ببی بە بەشێک لە عێراق یان تورکیا؟، و نەیاندەگوت (سەربەخۆییت دەوێ یان نا) (شوانی، ٢٠٠٢: ل٢١٤)، تەنانەت قسەیەکی مەلای گەورەی کۆیە دەگێڕنەوە کە وتویەتی «کاتێک لیژنە هاتۆتە کۆیە پرسیاریان لێکردوە ئایا دەتەوێ بتدەینە عەرەب یان تورک؟!، لە وەڵامدا مەلای گەورە پێی وتون وا دیارە دەتانەوێ بە شومان بدەن! ئەگینا بۆ لێمان ناپرسن چیتان دەوێ» (تاڵەبانی، ٢٠٠٣: ل١٠٩).

سەرباری ئەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی بەشداریان لەو ڕاپرسیەدا نەکرد و نەیان دەتوانی بەئازادانە بیر و بۆچونی خۆیان دەربڕن، بەڵام لە وەڵامدانەوەیاندا جەختیان لەسەر مافی نەتەوەییان دەکرد، داوای ئەوەیان دەکرد ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەئارادا نەبێت، ئەوا یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا بەچاک دەزانن، چونکە دەستوری سەرەکی مافی نەتەوەییان دەستەبەردەکات(احمد، ٢٠٠٤: ص٢٠٦)، ئەمە لەکاتێکدا بو لیژنەکە ئەوەی دوپاتکردەوە کە خەڵکێکی بینوە ئارەزوی جیابونەوەی تەواو دەکەن(حسین، ١٩٩٩: ص١٦١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

بەم شێوەیە کورد ڕۆڵی یەکلای کردنەوەی بینی لە دیاریکردنی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی بە عێراقەوە، ئەم ڕۆڵە کوردی کەرکوکیش تێیدا بەشداربون(احمد، ٢٠٠٤: ص٢٠٢) .

هەروەها لیژنەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە زۆربەی تورکمانەکان لەگەڵ تورکیادا بون جگە لە کەمایەتیەک بەهۆی ئابوریەوە، هەندێک لە عەرەبەکانیش لەیەنگری تورکیایان دەکرد(حسین، ١٩٩٩: ص١٩٥)، کە ئەمەش بوە جێگەی سەرسام بونی لیژنەکە.

لەبارەی شاری کەرکوکەوە لیژنەکە گەشتبوە چەند دەرەنجامێک لەماوەی دو هەفتە کارکردنیاندا، لەگرنگترینیان ئەوە بو کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی کەرکوک کوردن(احمد، ٢٠٠٤: ص١٩٥).

بەم شێوەیە لە کۆتاییدا کەرکوکیش، پاش ئەوەی کە (کۆمەڵەی گەلان) لیژنەیەکی ناردبو بۆ پەرجۆری ڕاستی لەویلایەتی موسڵدا، بو بە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، لەپاش لێکۆڵینەوەی کۆمەڵی گەلان لە کێشەکە، لە کۆبونەوەی سی و حەوتەمی خۆیدا، ١٩٢٤/١٢/١٦ لە ژنێف بەستی، بڕیارێکی دەرکرد و بەپێی ئەو بڕیارە هەمو خاکی باشوری (هێڵی برۆکسیل) (حسین، ١٩٩٩: ص٨٠) ی درا بە دەوڵەتی نوێی عێراق(تاڵەبانی، ٢٠٠٤: ل٢١٦)، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دو مەرجی دانابو:-

١- عێراق بۆ ماوەی (٢٥)ساڵ لە ژێر چاودێری بەریتانیادا بمێنێتەوە

٢- بارودۆخی تایبەتی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێت و داخوازییەکانی کورد ڕەچاوبکرێت و فەرمانبەرانی نێوچەکە کوردبن و لە خۆیان بن، زمانی ڕەسمی دام و دەزگا و دادگاکان کوردی بێت و لە خوێندگاکاندا بەکوردی بخوێنرێت. ئیدی ویلایەتی موسڵ کە ناوچەی کەرکوک بەشێکی سەرەکیەتی لە ١٦ی کانونی دوەمی ١٩٢٥ بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان خرایە سەر عێراق(نظمي و اخرون، ١٩٨٦: ص١٦٩) .

**ئەنجام:**

تویژینەوەکە گەشتوە بەو ئەنجامەی کە شاری کەرکوک بەلایەن ئینگلیزەکانەوە گرنگی تایبەتی هەبوە هەر لە پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو ساڵانی دواتر، لەساڵانی ١٩١٤ تاکو ١٩٢٠ کاتێک فەرمانرەوای ڕاستەوخۆی عێراقی کردوە، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەم شارەدا و خێرو سامانی سروشتی وڵاتەکە بۆ خۆی بەرێت، لەهەمانکاتدا بیری نیشتمانی و هەستی نەتەوەی زیاتر گەشەی کردوە. هەروەها لە تویژینەوەکەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شاری کەرکوک لە ساڵانی ژێرسپاردەیی ئینگلیزەکاندا (١٩٢٠-١٩٣٢) بەکۆمەڵێک گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە.

مامەڵەی ئینگلیزەکان لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە بەتایبەتی کوردەکان ناڕون بوە و بەرزو نزمی تێدابوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییان مامەڵەیان لەگەڵ کردون، هەندێک جار پشتیوان و هەندێک جار دژیان وەستاون، لەسەرەتادا پەیوەندی باشیان لەگەڵ کەسایەتی و سەرکردە کوردەکانی شاری کەرکوکدا هەبوە، ئەمە بەڕونی بەرامبەر شۆڕشی شێخ مەحمود دەدەکەوێت کە لەسەرەتادا بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ بەستوە دواتر هەوڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

لاوزکردن و لەقاڵبدانیان داوە، لەم ڕووەوە دانیشتوانی کەرکوک گەرچی لەدوایشدا بوبێت، بەتەواوی پشتگیری شێخ مەحمودیان کردوە و بەسەرکردەی خۆیان داناوە، هاوکات هاوکاری تەواویان کردوە، ئەمەش بۆ ئەو هەستە نەتەوەییە دەگەڕێتەوە لەناو شاری کەرکوکدا پەرەی سەندبو.

هەروەها دەرکەوت کە شاری کەرکوک وەک بەشێک لە خاکی کوردستان، هەر لەدوای نەمانی دەسەڵاتی زوڵم و زۆری عوسمانییەکان و هاتنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان، بیری نەتەوایەتی تێیدا کەوتۆتە خرۆش و دانیشتوانەکەی بەئاشکرا گوزارشتیان لە خواستە نەتەوایەتییەکانیان کردوە، ئەویش لە چوارچێوەی سەربەخۆی و یەکگرتن لەگەڵ کوردستاندا دەرنەچوە. بەم شێوەیە سیاسەتی بەڕێوەبردنی بەریتانیا بەجۆرێک بو کە هیچ کات و بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەم شارە نەبوە، لەپاش ئەوەی کە بەریتانیا لای کوردەکان خۆی دەدۆڕێنێت و کوردەکان متمانەی پێناکەن، سەرجەم هەوڵەکانی بەریتانیا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئەم شارە لە کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی دابڕن.

دانیشتوانی کەرکوک بەردەوام بەشداری هەمیشەییان هەبوە لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە ناوچەکەدا سەریان هەڵدا لەسەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا، بەشداریان کردوە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٠دا، هەروەها دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هەڵوێستی نەتەوەییانەی دانیشتوانی شاری کەرکوکیان بۆ ڕون بویەوە بەمەبەستی سەربەخۆی خاکی کوردستان، بەهەمو شێوەیەک هەوڵی دابڕینی ناوچەکەی داوە لە خاکی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی.

توێژینەوەکە گەشتوە بەو دەرەنجامەی دانیشتوانی کەرکوک بەگشتی لە مەسەلەی دانانی فەیسەڵ وەک شا بۆ عێراق ڕازی نەبون و دژی ئەم کارە وەستان و بەئاشکرا ئەوەیان دەربڕی لەکاتی دانانی فەیسەڵدا وەک شا بۆ عێراق، ئەوا ئەمان یەکگرتنیان لەگەڵ کوردستاندا پێ باشترە.

سەبارەت بە هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوک بەرامبەر بە کێشەی ویلایەتی موسڵ، توێژینەوەکەدا گەشتوە بەوەی کە لەو ڕاپرسیەدا کە کۆمەڵانی گەلان کردی بە مەبەستی یەکلای کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، لەشاری کەرکوکدا دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەدابون کە لەگەڵ عێراقدا یەکبگرن، ئەوە وێڕای ئەوەی چەند دەنگێک هەبو داوای سەربەخۆی دەکرد، کورد بەشێوەیەکی گشتی بەشداریان لەو ڕاپرسیەدا نەکرد و نەیان دەتوانی بەئازادانە بیروبۆچونی خۆیان دەربڕن، بەڵام لە وەڵامدانەوەیاندا جەختیان لەسەر مافی نەتەوەییان دەکرد، داوای ئەوەیان دەکرد ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەئارادا نەبێت، ئەوا یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا بەچاک دەزانن، چونکە دەستوری سەرەکی مافی نەتەوەییان دەستەبەردەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

# History of Kirkuk during the British mandate period

**Zana Othman Mohammed**[1] - **Ranjdar Mohammed Azeez**[2]

[1]Special Education Department, College of languages, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of History, College of Human Sciences, Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

In the late years of World War I (1914-1918), the Ottoman-controlled regions faced a new condition. The city of Kirkuk, as a part of Kurdistan's territory, was not deprived of these new transformations and events.

This research aimed to investigate the history of Kirkuk during the British mandate period. The study found that the arrival of the British in southern Kurdistan, particularly Kirkuk, had a historical background, dating back centuries before the British conquest of the city of Kirkuk in 1918, particularly due to the presence of natural resources in the area. The study also found that Kirkuk residents, as part of Kurdistan's territory, were exhilarated about nationalism after the fall of Ottoman oppression and the arrival of English authorities and that its population had publicly expressed their nationalism desires, for independence and unity with Kurdistan.

The study also reveals that the British have tried in every way to cut off the area from Kurdistan and the Kurdish national movement after the national stance on Kirkuk residents became clear. Kirkuk residents have also broadly supported Sheikh Mahmud and announced him as their leader, and they fully cooperated with him in this regard, which is due to the national sentiment that has developed in the city of Kirkuk.

In the study, we found that in a referendum conducted by the United Nations to resolve the Mosul state issue, residents in Kirkuk mostly agreed to be part of Iraq, even though there were votes demanding independence. Kirkuk people were also generally dissatisfied with the issue of appointing Faisal asking for Iraq, and stood against it, publicly expressing that they would prefer to unite with Kurdistan when Faisal was appointed as crown king to Iraq.

**Keywords:** Kirkuk, Mandate, British, Kurd.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6**

## سەرچاوەکان:

احمد، کەمال مەزهەر (٢٠٠١) چەند لەپەڕەیەک لە مێژوی گەلی کورد، بەرگی دوەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

أحمد، کەمال مەزهەر (١٩٧٨) تێگەیشتی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغدا.

باوەڕ، ئەحمەد، (٢٠٠٠) ئۆزدەمیر و کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی.

تاڵەبانی، نوری (٢٠٠٣) ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لکێنراوە بە عێراقەوە، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (١٨).

تاڵەبانی، نوری (٢٠٠٤) ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەی ئەم ناوچەیە، و: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دوەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

حسێن، فازل (؟) کێشەی ویلایەتی موسڵ، و:محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، سلێمانی.

حلمی، ڕەفیق، (١٩٥٤) یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، مەطبعەی معاریف، بەغداد،

حلمی، ڕەفیق (١٩٥٦) یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب٢، مەطبعەی مەعاریف، بەغداد،

سجادی، علاالدین (١٩٩٦)، مێژوی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دوەم، ئێران.

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم (٢٠٠٢) شاری سلێمانی ١٩١٨ - ١٩٣٢، سلێمانی.

شوانی، ئاکۆ (١٩٩٩/٩/٥) مەلیک فەیسەڵ و ئەمنی عێراق، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٩٤٠).

شەمزینی، عەزیز (١٩٩٨) جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، سلێمانی.

م.أ.گیسارۆڤ و أ.ڕگوشین (٢٠٠١) کوردی تورکیا، و/ جەلال تەقی، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

فەرەج، لەتیف فاتح (١٩٩٧) کورد و کەرکوک، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە(٢)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

کۆچێرا، کریس (٢٠٠٣) کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا، و: حەمەکریم عارف، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

قادر، مهدی محمد (٢٠٠٥) پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

ماکداوڵ، دیڤد (٢٠٠٢) مێژوی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

مینە، ئەمین قادر (١٩٩٩) ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی.

نەریمان، مستەفا (١٩٨٥) شۆڕشی برایم خانی دەلۆ ١٩٢٠، بەغداد.

هاوار، م. ڕ (١٩٩١) شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دوەم، بلاک روز لندن.

أحمد، کمال مظهر (٢٠٠٤) کرکوک وتوابعها–حکم التأریخ والظمیر، الجزء الاول، المطبعة رينوين، کردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6

احمد، كمال مظهر (١٩٨٤) كردستان فى سنوات الحرب العالميه الاولى، ت/ محمد ملا عبدالكريم، مطبعة دار أفاق العربية، بغداد.

بارزانى، ايوب (٢٠٠٢) المقاومة الكرديه للاحتلال ١٩١٤ – ١٩٥٨، دارنشر حقائق المشرق، فرنسا.

بصري، مير (١٩٩١) أعلام الكرد، دار رياض الريس للكتب والنشر، لندن.

الحاج، عزيز (١٩٨٥) القضيه الكرديه فى العشرينيات، الطبعة الثانية، المطبعة الانتصار، بغداد.

الحسني، عبدالرزاق (١٩٣٣) موجز التاريخ البلدان العراقية، بغداد.

الحسنى، عبدالرزاق (١٩٣٣) تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، المطبعة العرفان، سوريا.

حسين، فاضل (١٩٩٩) مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية- البريطانية التركية وفي الرئ العام، الطبعة الثالثة، مطبعة الشبيلية ، بغداد.

روزبيانى، جميل بەندى (١٩٨٣) داقوق(داقوقاء) فى التأريخ، مطبعة المجمع العلمى العراقى، بغداد.

صابر، سروه أسعد (٢٠٠١) كوردستان من بدايه الحرب العالميه الاولى الى نهايه مشكله الموصل ١٩١٤ – ١٩٢٦، اربيل.

فوستر، هنري (١٩٨٩) نشأة العراق الحديث، ترجمة/ سليم طه التكريتي، الجزء الاول، المكتبة العالمية، بغداد.

لازاريف (٢٠٠١) المسأله الكرديه ١٨٩١ – ١٩١٧، ت/ أكبر أحمد، سلێمانى.

لونكريك، ستيڤن همسلى، (١٩٨٨) العراق الحديث ١٩٠٠ – ١٩٥٠، ت: سليم تكريتى، الجزء الثاني، بغداد.

المس بيل (١٩٧١) فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة/ جعفر الخياط، بغداد.

نظمي، وميض جمال عمر وآخرون، (١٩٨٦)، التطور السياسي المعاصر في العراق، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مطبعة جامعة صلاح الدين، ط٢.

حمدى، وليد، (١٩٩٧) كورد و كوردستان له بەڵگەنامەكانى بەريتانيادا، و:محەمەد نورى تۆفيق، گۆڤارى پەيڤين، ژمارە(٢)، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى.

ڕوزبيانى، جميل (٢٠٠١) كركوك فى عهد استعمار البريتانى، مجله سردم، العدد(٢)، السليمانيه.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper6